kurdisch-sorani

NÜRNBERG

# زانیاریی گرینگ لەبارەی پێکوتەی نەخۆشیی کۆڕۆنا



## بۆچی پێکوتەی نەخۆشیی کۆڕۆنا بۆ من باشە؟

- پێکوتەی کۆڕۆنا بەباشی بەرگری لە تۆ دەکات. پێکوتان، لەبەرانبەر نەخۆشیی توندی کۆڕۆنا و مردندا بەرگریت لێ دەکات.
- هەروەها پێکوتە بەرگری لە خێزانەکت دەکات لە بەرانبەر گواستنەوەی نەخۆشییەکەدا.
- ریساکانی کۆڕۆنا بۆ ئەو کەسانەی پێکوتەیان وەرگرتووە **کەمتر** توندن. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە پێکوتەکەیان وەرنەگرتووە بەم شێوەیە **نییە**.
- پێکوتان خۆبەخشانەیە. بەڵام: بەرگری لە تۆ دەکات!



## ئاستی توندیی تووشبوونی کەسەکان بە کۆڕۆنا چەندە؟

- هەندێ کەس بە توندی تووشی نەخۆشییەکە دەبن یان لە درێژخایەندا تووشی گرفتی تەندروستی دەبن.
- هەندێ کەس دەبێ بچنە نەخۆشخانە، و تەنانەت دەبێ هەندێک کەس بۆ بەشی چاوەدێریی چڕ بگوازرێنەوە.
- زۆر کەسیش بە هۆی تووشبوون بە کۆڕۆنا گیانیان لەدەست دەدەن.
- ڤایرۆسی کۆڕۆنا بەتایبەتی بۆ کەسانی بەساڵاچوو مەترسیدارە. بەڵام ڕەنگە کەسانی گەنج و تەندروستیش بە توندی تووشی ئەم نەخۆشییە ببن.



## پێکوتەکان تا چەند کاریگەرن؟

- هەندێک پێکوتەی جیاواز هەن. هەموو ئەم پێکوتانە لەلایەن ئاژانسی دەرمانی ئەورووپا توێژینەوەیان لەسەر کراوە.
- ئەم پێکوتانە **نابنە** هۆی نەزۆکیی تێیدا هیچ شتێکی ئەلەکترۆنیکی بەکار **نەهاتووە**. لە ئینتەرنەت **زانیاریی نادروستی** زۆری تێدایە.
- وەکوو هەموو دەرمانێکی دیکە، هەندێک کات ئەم دەرمانەیش لێکەوتەی لاوەکی هەیە، بەڵام ئەمە دەگمەنە. زۆربەی خەڵک بە باشی پێکوتەکان وەردەگرن.
- ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت هەست بە نەخۆشی بکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا، مەترسییەکانی نەخۆشیی کۆڕۆنا زۆر زیاترە!



## تێچووی پێکوتەکە چەندە؟

پێکوتەکە **بێ بەرانبەرە**.




## پێویستیم بە چەند پێکوتە هەیە؟

لەبارەی زۆربەی پێکوتەکان، پێویستیت بە دوو ژەمە پێکوتان لە ماوەی چەند هەفتەیەک هەیە. بۆ لێدانی هەردووک ژەمی پێکوتە کاتت بۆ دیاری دەکرێ. بەم شێوەیە لەبەرانبەر نەخۆشیی مەترسیداری کۆڕۆنا دەپارێزرێی.

NÜRNBERG



### چۆن دەتوانم پێکوتە وەربگرم؟

- بۆ وەرگرتنی پێکوتە پێویستی بە **دیاریکردنی کات** هەیە. بۆ ئەم کارەش، دەبێ **ناونووسی بکەی**.
- پاش ماوەیەک، کورتەنامەیەکت بۆ دێتەوە. لەم کورتەنامەدا ڕێکەوتی پێکوتەکە دیاری کراوە.

### چۆن دەتوانم ناونووسی بکەم؟

- دەتوانی لەلای پزیشکە خێزانییەکەت ناونووسی بکەی. پزیشکە خێزانییەکانیش پێکوتە لێ دەدەن.
- دەشتوانی لە **ئینتەرنەت** ناونووسی بکەی:
  **www.impfzentren.bayern.de**
- یان پەیوەندی بەم **ژمارە تەلەفۆنە** بکەی:0911 / 148 98 243

### لە **Nürnberg**، لە کوێ دەتوانم پێکوتە وەربگرم؟

- لەلای **پزیشکی خێزانییەکەت**
- **لە ناوەندی پێکوتە** لە Messezentrum
  (وێستگەی مێترۆی „Messe" لە هێڵی مێترۆی U1)
- لە **Citypoint** لە ناوەندی شار (وێستگەی مێترۆی „Lorenzkirche"، لە هێڵی مێترۆی U1) بەم ناونیشانە:
  Pfannenschmiedsgasse 20, Nürnberg
- لە **früheren KfZ-Zulassung**. ئەمە ناونیشانەکەی:
  Großreutherstr. 115 B, Nürnberg

### پێکوتە دەبێتە هۆی چی؟

- پێش وەرگرتنی پێکوتە، پزیشکێک قسەت لەگەڵ دەکات و هەموو شتێکت بە وردی بۆ باس دەکات. دەتوانی هەموو پرسیارەکانت بکەی.
- پاشان پێکوتەکە لەڕێگەی دەرزی لێت دەدرێ.
- پاش وەرگرتنی پێکوتە بۆ ماوەی 15 خولەک لە شوێنەکە پشوو دەدەی.

### پرسیاری زیاترت هەیە؟

لەم بارەوە، فیلمێک لە نۆرینگەی Nürnberg هەیە. پزیشکەکان وەڵامی 10 پرسیاری گرینگی پێکوتان دەدەنەوە. دەتوانی ژێرنووسی ئەم فیلمانە بەم زمانانە ڕێک بخەی: تورکی، ڕۆمانیایی، ڕوسی.

لێرە دەتوانی فیلمەکە دابگری:

**www.klinikum-nuernberg.de/impfvideos**

دەتوانی زانیاریی زیاتر لە سەر ئینتەرنەت وەدەست بخەی لە:

**www.nuernberg.de**

impfzentren.bayern.de



CORONA
IMPFZENTRUM



www.nuernberg.de

integreat.app/nuernberg/de

هەڵەچن: شاری Nürnberg، نووسینگەی هاوئاهەنگیی پێکوتان، Hans-Sachs-Platz 2, 90403 Nürnberg نووسین: نووسینگەی هاوئاهەنگیی ناوەندی پێکوتان